# سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)



## سەید کامیلی ئیمامی ، ئاوات

بیستنی بەسەرهاتی ژیانی سەید کامیل ئیمامی (ئاوات) لە زمانی خۆیەوە, وێنەیەکی ساڵانی دوورمان بۆدەنخشێنێ: « لە ساڵی 1282ی هەتاوی(1903) لە گوندی زەنبیل لە بنەماڵەی سەیدانی زەنبیل لە دایك بووم, لە شێعردا نازناوی ئاوات م بۆخوم هەڵبژاردووە, بابم خوالێخۆش بوو, سەید عەبدولحەکیم کوڕی سەید عەبدولکەریمی زەنبیلە کە هەردووکیان لە ڕێبەران و بەڕێوەبەرانی تەریقەتی نەقشی و قادری بوون, لە نێو خوێندەوار ومەلا وفەقێ دا چاوم کراوە, قامکی باب ومام وکەس وکاری خوێندەوار پشت پشتیان بۆکردم, لە ساڵی 1291(1912) دا لە لای مەلا مەحموودی مەشهور بە مەلا ڕەشە لە زەنبیل دەستم کرد بە خوێندنی سیپارە و دەرسە فارسی و عەرەبیەکانی ئەو سەردەمە و پاش دو سێ ساڵ لە خزمەت کاکم دا خوالێخۆشبو سەید محەمەد نورانی چووینە خزمەت مامم مەرحومی حاجی بابە شێخ لە ئاوایی جەمیان بۆ خوێندن, دو ساڵ لە وێ بوین و چوینە دێی تورجان و لە لای ماموستا مەلا سادقی واسق بیلا درێژەمان بە خوێندن دا, دوای ساڵ و نیوێك هاتینەوە زەنبیل و لە خزمەت ماموستا مەلا عەبدوڵای فەهیمی ناسراو بە مەلای دەرزیوەلی دا خوێندمان, تا ماموستا ماڵی رۆیشت بو ئاوایی کانی سێو کە هەر لەوێ ئەمری خودای بە جێ هێنا و ماوەی ساڵێك بێ دەرس ماینەوە و پاش ئەو ساڵە لە گەڵ برای زۆر خۆشەویست و بەرێزو لە گیانم شیرین تر کاك هەباس ی مەشهور بە حەقیقی چووینە ئاوایی باغچەی سەر بە شاری مەهاباد و لە خزمەت ماموستا مەلا سەید کەریمی مودەریسی لە خوێندن هەڵچووینەوە, یەکمان گرت و جا وەرە دەرسان بخوێنە و دەوران وەکە و هەرچی شیعری بیستووتە ونەت بیستووە شێوی کەو وردی دەوە. شیعرمان دەکوت و بە دەستەوام تاریفی یەکترمان دەکرد, مەگەر لە خەوتن دا دەنا هەر موشەرعێن و شەڕە شیعر و گاڵتە وگۆرانی و خۆشی بو, ئەوەندەمان دڵ خۆش بوو هەرچیمان دەخوێند زۆر زوو لە بەرمان دەکرد وماموستا زۆرمان لێ رازی بو, هەروەها ئێمەش بە تەواوی لە ژیانمان رازی بووین, چەند جاری دیشم گوتووە بە قەولی کوردی سەدبریا هەر ئەودەم مردبام چونکی نە لە پێشدا خۆشی وام دیبو, وە نە لە پاشان توشی هاتمەوە ئەو سەردەمە کە ساڵێك بو وەك باغچەیەکی سەوز و پڕ گوڵ وایە لە کێڵگەی کەس نەکێڵ و بەردە ڕەقی ژیانمدا. لە ساڵی 1309(1930)دا بە هۆی ناساغی بابمەوە دەستم لە خوێندن هەڵگرت و ژنیان بۆ هێنام و سەرئەنجام لە ساڵی 1313(1934)دا بابم وەفاتی کرد و دوای ساڵێك ماڵم چووە ئاشی چۆمی زەنبیل و ساڵێك لەوێ بوم و بە کشتوکاڵ رامبوارد و منداڵم بون بە ریشەوە دوایی ماڵم چووە دێی گەردیگلان. ڕەنگە دۆستەکانم بزانن کە لە سەرەتای ژیانمەوە بە دەست و قەڵەم و نووسین و گوتن وچەك دژی شاو رژیمەکەی کارم کرد وماڵم هەر لە گەردیگلان بوو, لە ساڵی 1325(1946) بە دەست بەکرێ گیراوەکانی پەهلەوی گیرام و خرامە بەندیخانەو ماوەی دو ساڵ لە زیندانەکانی بۆکان و سەقز وورمێ ومەهاباد دا مامەوە, لە سەرەتای 1327(1948)دا ئازادکرام و هاتمەوە ماڵێکی سارد وسڕو بێ نان وئاو, چوونکە منداڵەکانم ورد بوون و تەنیا کاکم پێیان ڕادەگەیشت, ئەویش خۆی دەوڵەمەند نەبوو بەڵام هەرچی لە پاش منداڵەکانی من مابایەوە بۆ خۆی و منداڵەکانی دەیان خوارد, ئیتر ماڵم بۆ خڕنەکراوە و قسەی خۆمان بێ پێشم خۆش نەبوو وەخڕی کەم, بەشی ئەوشێوەم ببوایە بۆ سبەینێ دەمگوت: خودا گەورەیە وئێستەش هەروام. لە ساڵی 1329(1950)دا ماڵم چووە ئاوایی جەمیان و ساڵی

**1330(1951) چوومە ئاوایی زەنبیل و ساڵی 1332(1953)چوومە ئاوایی شێخ چۆپان هەر لەو ناوچە و ساڵی 1333(1954) هاتمەوە دێی قاقڵاوا دراوسێی زەنبیل و ئێستاش هەر لەو گوندەم و خەریکی کشت و کاڵم و لە بارەی هەژاری و دەوڵەمەندی ماڵییەوە وەك مەلا گوتەنی, بەردێکی قورس لە حەوشەی خۆمانە بە جەوانی نەمدەتوانی بەرزی کەمەوە و ئێستاش, کە پیریش بوم هەر بۆم بەرز نابێتەوە کە وایە هەر وەك خۆمم.»**

**سەد بەهار ئێستە بە قوربانی چلەی زستانە**

**رۆژی ئازادی هەڵات کاتی لە خەو هەستانە**

**نیشتمانە بۆتە بەهەشت, سەوزە وڵات ودەرودەشت**

**گەرچی زستانە بەڵام چەشنی بەهارستانە**

**«««««»»»»**

**مافی خۆمە لێم گەڕێن با هەروەها بێچارە بم**

**مەسخەرەی دۆم و ودڕاجی ئەم سەر و خوارەبم**

**مەمکەنە بەرموور لە بەرچاوان بە دەنگ و باسەوە**

**با وەپشت گوێم خەن جووانان لێم گەڕێن با گوارە بم**

**هەروەکوریشێکی بێ ئیش جوانە هەر لەو خوارە بم**

**گۆڕینەوەی نامەی شیعری بە زمانی کوردی, سەر ڕای بوونی دەستەڵاتی ساواك وهێزەکانی سەرکوت, پێوەندی ئەدەبی نێوان شاعیران و بڵاوکردنەوەی وێژەی کوردی و جێگای ئاوات لەو سەردەمەدا دەردەخا:**

**دەبێ قوربانی وتەی نەغزت بم**

**بە فیدای گەوهەری پرمەغزت بم**

**دڵ لە دوریت لە خرۆشی تۆیە**

**واخەمین حەڵقەی بە گۆشی تۆیە**

***مەلا شێخ عەلی سوننەتەیی (خەمین)***

**دڵی وێران و شیعرەکانی تۆش**

**هەروەکوو جەرگی خۆمە توی بە توێ**

**......**

**باشە چیدی سەرت نەێشێنم**

**هەربژی بەو زووە لەشت نەپوێ**

**خاڵە بۆ دۆستیت هەتاماوە**

وەکوو کێوە لە جێی خۆ نابزوێ

*حاجی سەیید محەمەد ئەمینی بەرزنجی (خاڵەمین)*

*********************

ئیمامی نامەکەی نامی گەیشت ونامە سەرچاوم

لەدووری تۆ دەبارێ داییما فرمێسکی خوێناوم

بە بێ مانگی موبارەك لێم حەرامە چاوەکەم بێ تۆ

پڵاووگۆشت ودۆڵمەومەشکەفی و فرنی و هەلیماوم

....

لە ڕێگای عیشقی تۆدا ڕەهڕەوانت هیچی ناوەستن

هەموویان کامیلن وەك تۆ, نە هەر من سەر لە پێناوم

ئەگەر وابێ ئەوەی دۆستی حەقیقی بێ لە بیر ناچێ

بە قەولی کاعەزیز بێتونەیە پێڵاوی سەرچاوم

عەبباسی حەقیقی(کاکە هەباس)

*********************

ئەتۆی ئاودێری باغچەی وێژەوانی

لە باخی وێژەدا تۆی باخەوانی

ئەتۆی پیری بەبیری بەیت وباوان

لە تۆڕا ئاوەدان بوو بەیت و باوان

.....

ئیمامی تۆ نەمامی باخی وێژەی

نەباتی زاری بێرە ومرخ وچێژەی

دڵت گەش بێ لەشت ساغ وسەرت بەرز

هەموو رۆژو هەموو مانگ وهەموو وەرز

بۆکان: ئیبراهیم ئەفخەمی 1363/3/15هەتاوی

*********************

سەردەمێ تۆبولبولی دەنگ خۆشی ئەم گوڵزارەبوی

بولبولێکی وا کە لەم گوڵزارە هەر گوڵچین بووە

خۆم کە خەمبارم سەیید پێم وایە گشت کەس وەك منە

لالە لای وایە دڵی دنیا بە خوێن ڕەنگین بووە

مەهاباد: سەییدعەبدوڵقادر سەیادەت سەیید1364هەتاوی

*********************

نامەکەی نامی کە حاکی لوتفی سەرشار بووگەیی

شیعری ڕێکت مەرهەمی قەلەبی بریندار بوو گەیی

داری پربەرگ ولقی دڵ زەرد وزارو وشك ورووت

شیعری ئاوداری جەنابت ئاوی جۆبار بوو گەیی

بۆمنی بەدبەخت وبێچارە وزەلیل وپرلە غەم

نامەکەت دەسکێك گوڵی بۆن خۆش وبێ خار بوو گەیی

واسیتەی قاسیدلەوەختی فکرو ئەندیشە وخەیاڵ

کاغەزت بۆمن چەکیدەی فکری ئەحرار بوو گەیی

لوتفی بێ حەددو حیسابت قووەتی ئیخلاسمە

شیعرەکانت باعیسی فرمێسکی خۆینبار بووگەیی

من وەکوو حەزرەت لە شیعرا کامیل وبێ عەیب نیم

شیعری بێ عەیبت کە مایەی عوجبی حوززار بوو گەیی

سوارە ئیڵخانی زادە (سوارە)

*********************

شیعروهەڵبەستی کامیل شا نیازیان بەوە نیە من وسەدمنی ونیومنی وەك من بڵێن باشە, نەخێر عەتر خۆی دەردەخا و پێی ناوێ عەتار بە تەلاق وسوێندخواردنەوە ڕەش بێتەوە کە عەتری چاکە. بە بیروڕای من هێچ بوێژێکی کورد وەك کاك کامیل ناتوانێ بەهاری کوردەواری وێنە بگرێ, سەیریش نیە ئەو پیاوە هەموو تەمەنی لە لادێ ولە کوێستانی کوردستان ژیاوە و زەینی زۆر روونە و هەرچی دەیبینێ دەتوانێ لە مێشکیدا بێ کەم کەسری عەنباری بکاو زۆر بە ئامان و زامان نیشانمانی بداتەوە.

شاگردێکی بچوکی سەید کامیل, عەبدولڕەحمان هەژار  کەرەج 64/9/18

سەید کامیل بێجگە لە شاعیران ونوسەران دۆستی نزیکی زۆر لە هونەرمەندان بووە. زیرەك و کامیل وەك دەنگ خۆش و شاعیر ئەویش لە ناو دیوەخانی شێخەکانی زەنبیل, پلەوپایەی گۆرانی کوردیان بەرز کردەوە. دۆستایەتی پیری دەیر سەید کامیل و زیرەکی دڵ تەڕ تارادەیەك بووە کە منداڵەکانی زیرەك لە ماڵی سەید کامیل یان بارگای شێخی زەنبیل لە دایك بوون.

سەید کامیلی ئیمامی هەتا تەمەنی 86 ساڵی (1903-1989)ژیا, بەڵام بەوتەی خۆی تەنیا ساڵێك خۆشی ژیانی چێشت! دیوانی ئاوات ساڵی 1365 لە لایەن سەید نەجمەدین ئەنیسی یەوە لە چاپ دراوە.

برایم فەرشی- ماڵپەڕی بۆکان

*********************

## شەو

سەید کامیل ئیمامی(ئاوات)

نووری رۆخسارت وەدەرخە دەردی بێ دەرمانە شەو

زوڵمەتی زولفت لە سەر رووتە لە رۆژ میوانە شەو

دوێ شوکورمەردانە من رێم بردە ناو زولفی ڕەشی

تابزانن خەڵکی موڵکی دڵ: قەڵای مێردانە شەو

هەر لە مەغریب تا بەیانی بێ وچان دێت و دەچێ

هەرلە دووی خورشیدی خاوەر وێڵ و سەرگەردانە شەو

کوێرونابینایە ئێستا ئەو لە داخی رۆژی ڕووت

بۆیە ڕەش پۆش و فەقیر و مات و بەستەزمانە شەو

قەدری شەو چابگرە چاوم, شەمع و پەروانە دەڵێن

سۆزوگریەی شەمع هەر شەو, سووتنی پەروانە شەو

عاشق و مەعشوق لە رۆژدا خۆدەپارێزن لە خەڵك

گەرپەنای چاکت دەوێ بۆ ئەو دوو؟پروانە شەو

هەستە کامیل بەسیە بێداری برۆلێی وەرکەوە

تاوڵات بێ دەنگ وباسە وتا لە رۆژ میوانە شەو

## شاری دڵ

**سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)**

**من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە دەچم**

**عەقڵ ئەڵێ ناقەسەبەی شۆرشی مەستانە نەچی**

**من دەڵێم نوختەیی ئەو رەزەیی ریزوانە دەچم**

**ئەو دەڵێ نا رەشە جێ راوگەیی شەیتانە نەچی**

**من دەڵێم مەسکەن و ئارامگەیی جانانە دەچم**

**ئەو دەڵێ سەربەسەری تێکچووە وێرانە نەچی**

**من دەڵێم جێگەیی هەر شێت وجنونانە دەچم**

**ئەودەڵێ,نا زەدەیی پەنجەیی پەریانە نەچی**

**من دەڵێم مەرکەزی ئەسراری حەریفانە دەچم**

**ئەدەڵێ جێ تەمەعی چاوی حەسودانە نەچی**

**من دەڵێم وەختی خەتەر مەئمەن و قەڵغانە دەچم**

**ئەو دەڵێ کونکونە جێگەی سەرە پەیکانە نەچی**

**لەم هەموچون و نەچونە سەری سوڕما کامیل**

**من دەڵێم جوانە بچم, ئەو دەڵێ واجوانە نەچی**